# زەردەشت، پزیشک و گەردووناس

## (١-٢)



فەلەکەدین کاکەیی

هەسارەی (بارام)، واتە: هەسارەی مەریخ، بەهرام، مارس، کە بە هەسارەی سوور ناسراوە، ئێواران نزیکەی دوو دەمژمێر دوای خۆراوا لەسەر هەسارەی زەوی، لە ئاسمان دەردەکەوێ و پرشنگی سوور دەهاوێژێ، هەربۆیەش ناوی هەسارەی سووری لێنراوە.

دوایەمین دۆزینەوەی زانایانی زانکۆی ئەریزۆنیای ئەمریکی، کە لە رێگەی کامێرای فەزابڕی(١) (ئۆدیسی)ی، کە بە دەوری هەسارەی بارامدا دەخولێتەوە، گەیشتووە، دبێژێت کە سەر بارم بەردو خۆڵە، و لەچینی بەفری بەستەلەکی هەسارەکەوە نافوورە گەلێک، بەدەنگی تیژ وەکو نەڕەی شێر، بە ئاسمانی هەسارەکەدا، تا نزیکەی چل مەتر بەرز دەبنەوە، و خۆڵ و قوڕ فڕێدەدەن.

رووی ئەو نافوورانە وەختێک پەیدا دەبن کە تیشکی هەتاو لە سەر رووی بارام گەرمی دەکات و، دەبێتە هۆی ئەوەی دوو ئۆکسیدی بەستووی ژێر رووی هەسارەکە دەبێ بە گازی فشار بەرزو، بەرەو باڵای رووی بارام دەتەقێتەوە.

بارام، هەروەها، لە بوومەلەرزەدا چالاکە، گوایە لەو دواییە بەردی زەبەلاح لەسەریدا بەرچاوکەوتووە، کە بەر لە چەند ساڵ نەبینراوە، دیارە لە ئەنجامی بوومەلەرزەو تەقینەوەکان، رووی هەسارەکە گۆڕانکاریی بەردەوام بەخۆیا دەبینێ، چەند گەلی و شیوی وشکی گەورەش بەرچاو دەکەون کە زانایان بەوەی دەزانن ئەو هەسارەیە ئاوی هەبووە، تەنانەت دەڵێن کە ئاسەواری لافاو و تۆفان دەبینن.

هەربۆیەش مەزنەی زانایان چووەتە سەر ئەوەی کە لەژێر رووی بارام ئاو هەیەو، رەنگە ژیانیش لە بارام ببێ، یا هەبوو بێت، زانایان خۆیان ئامادەکردووە تا ساڵی ٢٠١٤ گەشتیاری فەزایی بنێرنە سەر بارام، گوایە لەو دەمەدا چاکترین دەرفەتی چوون و گەڕانەوەیان دەڕەخسێت، ئەویش وەختێکە هەسارەکانی زەوی و، بارام و ناهی (ناهیە، ڤینۆس، هەسارەی بەیان، کاروان کوژە)...دەکەونە سەر یەک خولگە (مدار)، کە حسێبیان کردووە رۆژی ١٤کانونی یەکەمی ٢٠١٤ ئەو دیاردەیە روودەدات، کە لە هەر پازدە ساڵ جارێک دووبارە دەبێتەوە.

تەمەنی ئادەمیزادو حەوازاد کورتەو دۆزینەوەی نهێنییەکانی گەردوون کاتی زیادی دەوێ، لێ هەسارەو کاکێشانەکان بەپێی دەمژمێرو یاسای خۆیان دەجووڵێنەوە، ئەوە بەشەرە کە دەبێ لە ئەو جوولانەوەیە تێبگات تا دەرفەتی گونجاو بقۆزێتەوە.

لەوەتی حەوازاد یەکەمین روانگە(= روانگەی هەسارەوانی=ئەستێرەوانی=مرصد)ی داهێناوە ئەمە یەکەمین جارە بەو شێوەیە لە هەسارەی بارام تێدەگات، کەپڕە لە خۆڵ و بەردو بەفری بەستوو و نافوورەی تووڕەو شتی وەهاگەل.. هێشتاش زیادی ماوە تا بارام گشت نهێنییەکانی بۆمان بدرکێنێت.

دەبێ چاوەڕوانی دەست و چاو و زانستی گەردووناسی (هەسارەناس، فەلەکناس) و زانایانی «ناسا» و هاوکارانییان بمێنین تا لە جوانی و رەنگینی گەردوون

چ جیهانێکی سەیرە وەختێک تۆ یەکێک لەو کەسانە(٢) ببی یەکەمجار دەچنە سەر بارام و خۆیان لەناو پارکێکی هەرە مەزنی تەژی نافوورەی خۆڵ و قوڕ دەبینن، یا لە پڕدا بوومەلەرزەی توند دەیانهەژێنێ و بەردی زەبەلاح دەکەونە خوارێ.. و دیاردەی نادیاری و نەزانراوی دیکە، تووشیان دەبێ!

بناغەی زانستی گەردووناسی لەسەر زانینی کات و شێوەی جوولەو سووڕانەوەی هەسارەکان و دیاردەکانی دیکەی گەردوون دامەزراوە.

لەدێر زەماندا هۆشیارو زانایانی بەشەر بەوە گەیشتن کە دەبێ ئامرازی چاودێری ئەو جوولانەوانە دروستبکەن، تا لە نزیکەوە بیانبینن، چونکە تەنها بەچاو، لە دوورەوە، هیچیان بۆ دەرنەکەوت.

یوسف پەیامبەر خەونەکەی لەشێوەی مانگ و هەتاو دیت کە کرنۆشیان بۆ هەسارەیەک دەبرد هەسارەکە خودی یوسف بوو.

لەسەرکەوتنی هەسارەناسی ئارۆ (ئیمڕۆ)دا، شایانییەتی ستایشی و مژدە بۆ گیانی زەردەشت پەیامبەر بنێرین، کە زانایەکە لە کۆنترین زاناکانی هەسارەناسی (گەردووناسی)دا، جگە لە پەیامە رۆحیەکەی. (د. عەبدولعەزیز رەزایی)، زانای زەردەشتی هاوچەرخ، لێکۆڵینەوەیەکی قوول و وردی بەڵگەدار بۆ پەیامی زەردەشت داناوە بە ناوی ( پەیامە بەرزەکانی زەردەشتی بۆ خەڵکی جیهان/ تایبەت بەزەردەشتیانی ئاریایی)- بڵاوکراوەی «ذهن اویز» چاپخانەی نۆ رەنگ، تاران ١٣٨٦ کۆچی هەتاوی نووسەر تیشکدەهاوێتە سەر لایەنی زانستی و دانایی پەروەری و رێزلێنان لە عەقل و ژیری و توانای بیری ئینسان، لە پەیامەکانی زەردەشتیدا. پشت بە تێکست و ئامۆژگارییەکانی لە دەفتەرەکانی ئاڤێستادا دەنووسێت کە زەردەشت بۆ حیکمەت و دانایان دواوەو ، ژنان و پیاوانی هانداوە تا فێربن، بیربکەنەوە، بزانن، بدۆزنەوە، و لەنهێنییەکانی گەردوون تێبگەن، ئایینی زەردەشت لەسەر ئازادی هەڵبژاردنی چاکەو خراپە، ئازادی بیروباوەڕی ئادەمیزادو ئازاد بیرکردنەوە، ئاوا بووە لەدەقێکی ئاڤێستادا هاتووە:

گوێ لە باشترین وتەکان بگرن،
و بە ئەندێشەی رۆشن بڕوانن،
دوای ئەوە، هەر پیاو و ژنێک لە ئێوە،
لەو دوو رێگایەی چاکی و خراپی،
یەکێکی بۆ خۆتان هەڵبژێرن(٣).

تا، بەر لە هاتنی رۆژی مەزن (رۆژی کۆتایی جیهان)، لەم ئایینە تێبگەن واتە: زەردەشت بە پەیڕەوانی ئازادی هەڵبژاردن و تێگەیشتنی داوە، خۆ ئەگەر پیرا نەگەن ئەو خۆیان بەرپرسن.

هەروەها دبێژێت کە ئینسان توانای ئەندێشەو رامان و بیرکردنەوەی پێدراوەو هەیەتی، لە جێگەیەکی دیکە زەردەشت بە مەزدای پەروەردگار دەڵێت: تۆ، ئەی مەزدا (یەزدان)، هەر لە سەرەتاوە بە ئەندێشەی خۆت، جیهان و ویژدان و حیکمەت (دانایی)ت ئەفراندووە (خولقاندووە)، گیانت بە بەری هەیکەلی ئیسقانا کردووەو، توانایی کردارو گوفتاری (بە ئینسان) بەخشیوە، تا هەر کەسێک هەر باوەڕێکی پەسەندە(٤) رابگەیەنێت واتە ئادەمیزاد خاوەنی ویژدان و دانایی و بیرو هۆش و گۆفتارو کردارە، ئازادە لە هەڵبژاردنی رێگەی خۆی.

مەبەستم لە هێنانەوەی دەربڕینی سەرەوە بۆ ئەوەیە تا خوێنەری هێژا لە پاشماوەی ئەو وتارە تێبگات و بزانێت بۆچی زەردەشت هانی خەڵکی بۆ فێربوون و زانست و داهێنان داوە، چۆن خۆی بەر لە هەموو کەس، چەندین سەدە بەر لە زایین، فێرگەو زانکۆی زانستی کردووەتەوەو یەکەمین روانگەی هەسارەوانی (فەلەکی)ی داناوە، بایەخی بە زانستی پزیشکی وپاکی تەندروستی داوە.

پەراوێزەکان

١) فەزابڕ= مسبار= پشکنەری ناخ، پشکنەری قوولایی.

٢) رەنگە زانایان لە ١٤/١١/٢٠١٤دا شەش کەس بنێرنە سەر هەسارەی بارام (مەریخ). دڵنیابن من یەکێک لەوان نیم!

٣) بڕوانە: ئاڤێستا هات ٣٠، بەندی ٢ ، ل٦٢٨ – لە کتێبی د. عەبدولعەزیزیم رەزایی

٤) بڕوانە: ئاڤێستا هات ٣١، بەندی ١١، ل٦٣٠ – هەمان سەرچاوە.

هات : سێیەمین بەشی پەراوێزی ئاڤێستا، کە تایبەتە بە ئامۆژگاری ئەخلاقی ئاڤێستا کراوە بەسێ بەشەوە، لەسەردەمی ساسانیاندا هات بە (هاتەک) هاتووە. (هات)یش لەچەند فەسل پێکهاتووە.

بەند: وەکو ئایەت دەژمێردرێت.



2008/6/3 :464

أسماء الألوان / دوا سةرنج / الصفحة: ٨٠ / ٢/٦/٠٨ / 4:56 AM